سودانی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ئاستەنگە ئەمنییە جیاوازەکان لەبەرچاو دەگرێت

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ، ئەمە دووشەمە،دووپاتیکردەوە کە ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ئاستەنگە ئەمنییە جیاوازەکان لەبەرچاو دەگرێت

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەئاژانسی موتەیع بەدواداچوونی بە کردووە بەاویکردەوە ،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئەمە دووشەمە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە ئەندامانی تیمی پەرلەمانی ڕاسپەردراو بە پەداچوونەوە بە ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی، کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەخەدەگرێت، و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک ڕاوێژکار و پسپۆڕی ئەو بوارە بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی دیارترین چوارچێوە و وردەکارییەکانی ناو ستراتیژێکە کرا، لەوانە پەداویستییە ئەمنییەکان لە هەموو بوار ئاستە جیاجیاکان.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ستایشی بەشداری کردنئ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد لەم دەسیە

گرنگدا، کە ڕێنگدانەوەی هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنە، و ئاماژەی بەوەدا کە ستراتیژیەکە گەڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە و ئاستەنگە ئەمنییە جیاوازە بەردەوامەکانی لێبەرچاو دەگرێت، چ ناوخەیی بێت یا دەرەکی.

سودانی ئاماژەی بەوەدا کە ستراتیژەکە بنەما بنەڕەتی و دەستوورییەکان و یاساکانی ڕێکخستنی مافەکانی مرۆڤ و شکەی هاووڵاتیان لێبەرچاو دەگرێت، و ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پەوەر و داتاکان بەڕوونی ئاماژە بەدابەزینی ئاستی تاوان بەهەموو جۆرەکانییەوە دەکەن لەگەڵ پەرەسەندنی توانای هێزە چەکدارەکانمان و هێزە ئەمنییەکان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەئاستی ڕاپەراندبی ئەرک و لێبواری پشتیوانیکردن لەسەقامگیری و ئاسایش و ئاشتی مەدەنی لەسەرتاسەری عێراقدا.